www.kurdistannet.org
27-3-2003 23:49

# درۆی زل بۆ هاندانی تورکەکان تا هێرش بکەنە سەر کوردســتان !

**ئەحمەد دەشتی**

ئەمڕۆ بەیانی لە خەو هەستام و زۆر بە پەرۆشەوە تەلەفیزیۆنەکەم کردەوە وەك هەمیشە بە دوای هەواڵەکانی کوردستان وعێراق دەگەڕام و بەو نیازەوە کە هەواڵێکی تازە ببیستم و کەمێ دڵی خۆم بەهەواڵەکانی شاد لەم ئاوارەیی و دووره وەڵاتە شیرینەکەی خۆم خۆش بکەم و گوێ بیستی ئەوە بم کە ڕژێمی ئێراق تەفرو تونا کراوەو گەلی عێراق بە تێکڕایی لە ژێر چنگی ئەو ڕژێمە جنایەتکارە ڕزگاری بووە ، خۆ دیارە کە نەمانی سەدام و ڕژێمە دکتاتۆرەکەی هەروەك چاوەڕوانی سەرەو نگونی لێ دەکرێت زۆری نەماوە کەبۆ هەمیشە لە ناو بچێت، خۆ دیارایشە کە ئەو ڕژێمەدکتاتۆرە ئەوەندەی لە تەمەنی ملهوڕی نەماوەو پێم وایە کەبە زووترین کات ئەو ڕژێمە لە ناو دەچێت و ئەسا دیارە کە بە سودی خەلکی عێراق و ئەو ناوچەیەو تەواوی جیهانیش تەواوی دەبێت و هەموو گەلی عێراق بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون و ئازادی و نەمانی دکتاتۆرەکان دەڕوات و لەو هەموو میحنەت و نەهامەتی و ئازارەکانی لە مێژینەی داسەپاو بە سەر ئەو نیشتمانە دەوڵەمەندە دا ڕزگاریمان دەبێت، ئەم گەلە هەژارە بە کوردو عەرەب و هەموو کەمە نەواتیەکانییەوە سەدان کارەسات و ڕەنج و ئازاری بە سەردا سەپێندراوە و بە نەمانی ئەو ڕژێمە دکتاتۆرە ئیتر ڕزگاریمان دەبێت و ئاسایش و هێمنی و دیموکراتیەتبالی بە سەر ئەو ناوە دادەگرێت و گەلی کوردو هەمووگەلی عێراق بە تێکڕایی وەك تەواوی گەلانی ئازادیخواز و ڕزگار بە هەموو مافە ڕەواکانی خۆیەوە شاد دەبێت، خۆ وامان لێ هاتووە شەوو ڕۆژ چاو دەبڕی کەناڵە تەلەفیزیۆنەکانی عارەبی و جیهانی دەکەین بۆ ئەوەی کە هەواڵێکی دلخۆشکەرەمان گوێ لێ بێت و کەمی بە ئاسودەیی و ئارامی لەم دوور وەڵاتەوە دڵی خۆمان پێ شاد بکەین و بڵێین ئۆخەی وا سەدام لە ناو چووو گەلی عێراق و هەموو ناوچەکە حەسایەوە .

دەبێ ئەوە بڵێم بەڕاستی جێگەی داخە کە زۆرجاران لە کەناڵە عارەبیەکان دا شتی وا دەبیستترێت کە فڕیان بە سەر ڕاستیەکانەوە نیەو بۆ خۆی سەر لێشێوانێکە ، کە هەرگیز ئەو جۆرە پڕو پاگاندانە کارێ ناکاتە سەر لە ناو نەچوونی ڕژێمی سەدام ودارو دەستەکەی، هەر بۆ ئەوەشە کەوا ئەمانە واتە درۆزنەکان قۆڵیان لێ هەڵکردووەو درۆیان دەهونێنەوەو بەو نیازەوە کەباوەڕیان بەوەیە کە دەڵێن (درۆیان بکەن درۆیان بکەن هەتا بە ڕاست دەگەڕێت) بەڵام پێم وایە ئەم ڕۆژگارانەبە سەر چووە کە درۆکان باوەڕیان پێ بکرێت و خەڵك بە ڕاستیان بزانن.

هەروەك گوتم لە هەواڵەکان لە سەر کەناڵە سیماکان دەگەڕام یەکسەر چوومە سەر کەناڵی (الجەزیرە ) کە من پێم وایە ئەم کەناڵەو هەندی لە کەناڵەکانی تری عارەبەکان لە هەموو کون و قوژبنێکەوە دەگەڕێن هەتا درۆیی هەلبەستن و تا درۆش هەبێت ڕاستی نالێن و لەوە دەگەڕێن تاکو شتێ بدۆزێنەوە و کە بۆ سەدامیان سود بەخش بێت ئەوسا بلاوی دەکەنەوە و بە خەیالی خاویان کە بەلکو کارێ بکاتە سەر مانەوەی ئەو ڕژێمە دکتاتۆرەی عێراقەوە و کەمی دڵی خۆیان و هەموو ئەوانەی کە لایەنگری مانەوەی ئەو ڕژێمە دکتاتۆرەن شاد بکەن و ئەگەر کاریش نەکاتە سەر مانەوەی ئەو ڕژێمە کەمێ ئاوی دڵیان پێ بدەنەوە ، وەپێشم وایە کە زۆربەی بەرپرسیارەکانی کە لەو کەناڵانەدا کار دەکەن لە لایەن سەدامیانەوە سودیان پێ گەیەندراوەو کە هیچ نەبێ گیرفانیان بە هەندێ پارە گەرم کراوە و خەرجی ڕۆژانەیان پێ دراوە ، هەر بۆیەشە ئاوا بەو شێوەیە بەرگری لە دکتاتۆرەکەی بەغدا دەکەن و هەولی هەواڵەکانی کە کەمێ دلخۆشکەرەش بێت بۆ سەدامیان و یارانیان ئاوا بەو شێوەیە بلاوی دەکەنەوە .

ئەمڕۆکە لە چاو پێکەوتنێك دا لە گەل کۆنە ئەفسەرێکی میسری بە ناوی (لیوا مستەفا تاهیر) دا ئەو کۆنە ئەفسەرەش دیار بوو هەستی بۆ بەرگری لە سەدامەوە دەجولاو هەندێ شتی دەگوت کە پێم وایە زۆربەی قسەکانی دوور بوون لە ڕاستیەکان و بۆلایەنگرانی لە سەدامەوە بوو، لەو چاو پێ کەوتنەی ئەو ئەفسەرە لە شوێنێ دا دەیگوت (کەئەمەریکا بڕیاری دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی داوە ! ! ! ! ) هەر چەندە کە هیچ جێگەی سەر سوڕمان نیەکە ئەو درۆیە بکرێت، بەلام منی وەك کوردێك و گوێگرێك و تینوی ئەو بڕیارەش کەبە ڕاستیەکەی ئەگەر وابێت ئەوپەڕی دڵم شاد دەبێت و بە مافێکی ڕەوای میللی خۆمی دەزانم و کە ساڵەهایە لێم زەوت کراوەو دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژانیش هەر بێت کە ئەم مافە ڕەوایەی گەلی کورد بە کوێرایی هەموو دوژمنێکی کوردو

کوردستان وەدی بێن، من کە ئەم هەوالەم بیست هەر هۆیێکم لە خۆمەوە هەست پێ کرد و لە خۆمەوەم پرسیم وگوتم گەلۆ دەبێ وابێن و درۆ نەبێن ؟ بەلام هەر بە خۆمەووەلامی ئەم پرسیارەم دایەوەو گوتم: ئەم بڕیارە بە درۆ هەل بەسترایەو نیازەکەش تەنیا هاندانی دەولەتی تورکە بۆ هێرش کردنە سەر کوردستانی باشوور و بەس، هەروەها گوتم: گەلۆ گوتنی ئەم هەوالە لە لایەن ئەوئەفسەرە عەرەبەکە ئاوا بە درۆ دەفەرموێ مەبەستەکەی دیارە بۆ چیە ، ئەو ئەفسەرە بە خەیالی خۆیەوە تورکە بۆرەکانی دژ بە کورد لە پەلامار دانی کوردستانی باشور هان بداتن و بێن کوردستانی باشور داگیر بکەن بە پڕو پاگەندەیەیان کە گوایە ئەمەریکا بڕیاری دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی داوە ! !چونکە ئەم هەوالە لە لایەن ئەو ئەفسەرە میسریەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ ڕاستیەکی تیا دابێن تەنیا مەبەستەکەی هەر ئەوەیە کە گوتم و تەنیا بە نیازی گێرە شێوێنی لە بەر چاوی جیهانیان دا درۆی ئاوا زل هەل دەبەستێن و مەبەستیشی دیارەو ڕوونە ، ئەوئەفسەرە لەو کاتەوە ئەم قسەیەی کرد کە هاتە سەر بارەی دەولەتی داگیرکەری تورك و هەروەك بلێی زۆری پێ خۆش بێن کە داگیرکەری تورك بێتە کوردستانی باشورو بەلکو لە پشتەوە ڕا خەنجەرێك لەم ئەزموونەی ئەمڕۆی کوردستان بدرێن وگەلی کورد توش بە کارەساتەکان ببێتەوەو ئەو ناوە واتە کوردستان هەمیشە نا ئارام بێن و ببێ بە گرفتێکی تر لە بۆ لایەنەکانی شەڕی دژ بە دکتاتۆرەکان و تڕۆریزم، بەلام ئەوەی کە ڕاستی بێن هیچ ڕاستیەك بۆ ئەم هەوالە نیەو کەسێ لە کوردستانی باشوردا هەتا ئەمڕۆکەش تەمای پێك هێنانی دەولەتێکی کوردی نیە ، چونکە دامەزراندنی ئەم دەولەتە کوردیە هەر وا ئاسان نیەو گەلی کورد تا ئێستاش داوای دەولەتێکی سەربەخۆی کوردی ڕا نەگەیاندووەو ئەمەریکاش ئەو بڕیارەی نەداوە کە جەنابی بەو شێوەیە باسی لێوە دەکاتن، خودی قسەکانی سەرکردایەتی کورد لە کوردستان دا شایەدن بۆ ناڕاستی پەیڤەکانی ئەو ئەفسەرە لێ کەوتووە ، بەلام ئەو کابرایەمەبەستی دیارە وەك کورد گوتەنی (بوکێ لە گەل تۆمە خەسو گوێت لێ بێن) خۆ منیش وەك کوردێك دەلێم خوا دەکا وابێن دەولەتێکی وەك ئەمەریکا ئەو بڕیارەی دابێن، من پێم وایە گوتنی ئەم هەوالەو گەلێ هەوالە ناڕاستەکانی تر کە لە سەر ئەم کەنالانە بلاو دەکرێنەوە بە تایبەتی کەنالی (الجزیر) ە کە زۆربەی هەوالەکانیان ناڕاستان و هەموو لە دلێکی پیسەوە دەر دەچێن کە دەیانەوێ کێشەو بگرەو بەردە لە کوردستانی باشورو عێراق دا زیاتر بکەن و نیازیان دژایەتی کردنی بەرەی دژ بە دکتاتۆرەکانی ڕژێمی ئێراقەولایەنگرێکی تەواوە لە سەدامی خوێن ڕێژو دکتاتۆرندەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە بتوانن سودێك بە سەدامی خۆیان بگەیێننبەلام مردوو هەرگیز زیندو نابێتەوە .

گەلۆ خۆمافی دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی مافێکی ڕەوای گەلی کوردەو کوردیش لە عەرەبەکان و تەواوی میللەتانی جیهان کەمتر نیە و دەبێ ڕۆژێکیش بێن بە کوێرابی چاوی دوژمنانی کوردو کوردستان بەو مافە ڕەوایەی خۆی بگاتن وکوردیش مافی چارەنوسی خۆی لە دەست خۆیا بێن، ئێمەی کوردیش ئالای ڕەنگاو ڕەنگی کوردستان لە ناو خاکی خۆمان و هەموو جیهان دا هەل بدەین و ببین بە خاوەن کیانێکی میللی کوردو ناومان لە تەواوی جیهان دا دەنگ بداتەوە، ئێمەی کوردکە سالەهای سالە تەنانەت مافی کەلتوری و خوێندن و زمانە شیرینەکەشمان لێ قەدەغە کراوە و هەموو مافێکی میللیمان پێ شێل کراوە ، گریمان ئەگەر بڕیاری دەولەتێکی کوردیش بدرێ و یاخود وەك جەنابی ئەو ئەفسەرە دەلێن ئەو بڕیارە لە لایەن دەولەتێکی زلهێزی وەك ئەمەریکایەوە درابێت ئێمەی کورد شانازی بەو بڕیارە ڕاست و ڕەوایە دەکەین و کوردو کوردستانمان پێ شاد دەبێن، بۆچی ڕەوا نەبێن کە کوردیش وەك عارەب و تورك و فارس و هەموو میللەتانی جیهان وەلاتێکی سەر بەخۆی هەبێن، گەلی کورد کە نزیکەی چل ملیۆن دەبێن بە سەر ئەو دەولەتانە دابەش کراوەو بێ بەشە لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی و تەنانەت زمانی میللی خۆشی لێ قەدەغە کراوە و لە هەر چوار لاوە دەکوژرێ و دەربەدەر دەکرێ و لە ناو مال و لانەی ژیانی دا دوور دەخرێتەوە و هەموو سامان و سەروەتێکی بە تالان دەبردرێت و لە تەواوی وەلاتانی دراوسێ وهەموو وەلاتنی عەرەبی دا تەنیا بۆجارێکیش کەسمان نەدی کە دژ بەو هەموو جنایەتانەی دکتاتۆرەکانی ڕژێمی ئێراقی دوا بێن و باسی کردبێن، هەتا ئەمڕۆکەش کەس نارەزابی خۆی دەرنەبڕی وتەنانەت بە کیمیاش خنکێندراین و باسیان هەر نەکردین و لە سەر گەلی غێراق و مافەکانی گەلی کورد کەس بە جواب نەهات، ئێستاش ئەگەر لەو ئەفسەرە عەرەبە بپرسی و بلێی ئایا کورد مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خاوەن مافە ڕەواکانی خۆی ؟دیارە کە

وەرامەکەی نەخێرەو کورد هەر بە میللەتێش دانانێن، ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە بەرامبەر ئەو هەموو جنایەت و ساڵەهای ساڵ وێرانی و شەڕ دژ بەم گەلە کوردە چەوساوەیە ڕۆژێ لە ڕژان دەنگیان هەل نەبڕیوەو بگرەکورد کوشتن و ماڵ وێرانیان بۆ گەلی کورد بە ڕەواش زانیوە ، هەر بۆیەشە کە دەبینین ئەمڕۆکە بەرگری لە مانەوەی دکتاتۆرێکی وەك سەدام چۆن سەر هەل دەداتن و تەنانەت سیاسەت مەداران و گەلێ لە کەسایەتیە جیهانیەکانیش بە لە ناو چونی ئەو ڕژێمە دکتاتۆرە قەلس و دلتەنگن و کێچیان کەوتۆتە جەستەوە .

من وەك کوردێك دەلێم خۆزیا ئەو ڕۆژە هاتبایە کە زلهێزێکی وەك ئەمەریکا ئەو بڕیارەی دابایەو گەلی کورد لە ژێر چنگی ئەو هەموو داگیرکەرە درندانەو زۆر دارانە ڕزگاری ببوایەو ئەو ئاواتەی ملیۆنهای کورد بەم زووانە وەدی هاتبایەو گەلی کوردیش لە ژێر سایەی ئالا و وەلاتێکی سەر بەخۆی کوردەواری لەم جیهان دا دەنگی بدابایەووە بۆ هەتا هەتایە لە سەر خاکی خۆی دا بحەسابایەوە و داگیرکەرانی کوردستان هەموویان لە ناو چووبانەو وەك شاعیر دەلێن

ڕەبی مووی لێبێ زمانی پەنجــەکانی هەلوەرێ هەرکەسێ گولشەن بە دەردی گولخەنی دۆزەخ بەرێ

٢٧. ٣. ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت